ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# دیپلۆماسیی پەرلەمانی

## چالاککردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕوی دیپلۆماسییەوە

نوسینی: د. سەردار عەزیز



ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
مایسی 2016

# دیپلۆماسی پەرلەمانی

## چالاککردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕوی دیپلۆماسییەوە

**نوسینی: د. سەردار عەزیز**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**مایسی 2016**

## پێڕست

**پوختە.......................................................2**
**سەرەتا.......................................................3**
**پاشخان.......................................................4**
**ستراکچەری توێژینەوەکە.......................................................7**
**دیپلۆماسی چیە؟.......................................................8**
**بۆچی دیپلۆماسی گرنگە.......................................................11**
**قەیرانەکانی دیپلۆماسی کوردی.......................................................14**
**سیستەمی ناوچەکە و کورد.......................................................15**
**سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانی دەوڵەت وەک دەرفەت بۆ پەرلەمان.......................................................16**
**دیپلۆماسی پەرلەمانی چیە؟.......................................................18**
**سودەکانی دیپلۆماسی پەرلەمانی.......................................................21**
**پارادیپلۆماسی و پارلۆماسی.......................................................22**
**دەسەڵاتی نەرم.......................................................25**
**دەرئەنجامەکان.......................................................26**
**پێشنیارەکان.......................................................28**
**پۆلەسی.......................................................30**
**بیبلۆگرافیا.......................................................31**

## پوختە

لە کاتێکدا کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە وەرچەرخانێکی گەورەدا دەڕوات، سیستەمی دەوڵەتداریی ناوچەکە لە گەڵ ئۆردەری order ناوچەکە لە داڕماندایە (ئۆردەر بە مانای شێوازی رێکخستنی نیزامی وڵاتان)، دەرفەتێک بۆ کورد و کوردستان ڕەخساوە بۆ ئەوەی لەو تەوقە مێژینەییانە رزگاری بێت، کە لە سەدەی ڕابوردوودا بە سەریدا سەپێنراوە. دیپلۆماسی، بۆ کورد واتە دابینکردنی پشتیوانی و دۆستایەتی لە پێناو ئامادەبوونێکی ڕاستەقینە وەك نوێنەری خود لە دونیادا. ئەمە ڕەنگە شێوازی جیاواز بگرێتەوە، بەڵام لە سەروی هەمویەوە واتای ئامادەبونە لە دونیادا، دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ ئەوانی تردا، هەروەها خۆ بینین وەک هاوتایەک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

هەرێمی کوردستان لە رووی جوگرافیەوە لە جێگایەکی داخراودایە landlocked، تەنها پەیوەندی دیپلۆماسی فرە ئاست و تۆکمە دەتوانێت قەرەبووی ئەو دورییەی کوردستان لە دەریاوە بکاتەوە.

بۆیە دیپلۆماسی بۆ کورد ئامرازێکی جیاوازە. دیپلۆماسی هونەری بڕینی و زاڵبونە بەسەر سنورەکاندا. گۆڕینی تەوقی جوگرافیایە. ئەمە ئەمڕۆ لە هەموکاتێک زیاتر بۆ کورد دەستەبەر دەبێت لەبەر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی یان جیهانی. ئەم هۆکارانە بە کورتی بریتین لە داڕمانی دەوڵەتی ناوەندی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەشەی تەکنەلۆجی، فراوانبونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، لە گەڵ گۆڕانی شێوازی دیپلۆماسی خۆیدا.

پەرلەمان وەک دەزگایەکی باڵای نوێنەری خەڵک، لە دوو ئاستدا زەمینەی بۆ ڕەخساوە هەتاوەکو چالاکانە بەشداربێت لە پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی دیپلۆماسیەتی کوردی. لایەنی یەکەم، وەرچەرخانی ڕادیکاڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لایەنی دووەم، گۆڕانی سروشتی دیپلۆماسی لە جیهاندا بە هۆی جیهانگیری و گەشەی بێ وێنەی تەکنەلۆجیاوە. ئەمڕۆ، بە پێچەوانەی رۆژگاری جاران، خەڵکیش ئەکتەرێکی دیپلۆماسین، هەروەها توانا و کێشەکانی خەڵکیش دەکرێت ببنە ئامرازی پەیوەندی دیپلۆماسی.

لەم ڕوانگەیەوە پەرلەمانی کوردستان ئامانجیەتی زیاتر لە بواری دیپلۆماسیدا چالاک بێت، لە پێناو بە دەزگاییکردن و بە نیشتمانیکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەم لایەنە ستراتیژیەی بونی ئێمە وەك گەلێک و نەتەوەیەک لە دونیادا.

## سەرەتا

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: بۆچی پەرلەمانی کوردستان دەبێت لە ڕوی دیپلۆماسییەوە چالاک بێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت قسە لە سەر دیپلۆماسیەت بکەین، وەك ڕشتەیەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، هەروەها چۆن دیپلۆماسیەتی نوێ گەشەی کردوە و بواری بۆ ناوەندێکی ناوچەیی نادەوڵەتی وەك پەرلەمان رەخساندوە کە بتوانێت لە ڕوی دیپلۆماسییەوە چالاک بێت.

کەواتە ئارگومێنتی ئێمە ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان، وەک پەرلەمانێکی هەرێمی، بە گۆڕانی شێوازی پەیوەندی و دیپلۆماسی لە جیهاندا، لەگەڵ فرەچەشن بونی ئەکتەرەکانی دیپلۆماسیەت و شێوازەکانی گوزارەکردن لە دیپلۆماسیەت، نەک هەر دەتوانێت ئەکتەرێکی دیپلۆماسی بێت، بەڵکو لە زۆر ئەکتەرەکانی تر، زەمینەی لەبارترە.

لە هەمانکاتدا ئەو ڕەهەندە نوێیانە هەڵدەسەنگێنین کە دەزگای پەرلەمان دەتوانێت پەرەیان پێبدات لە پتەوکردن و چالاککردنی دیپلۆماسیەتی دەزگای نیشتمانی، لە ژێر رۆشنایی گەشەی بەردەوامی بواری دیپلۆماسی لە سەدەی بیست و یەکدا لە میانەی گۆڕانکاریە سیستەمی و یەکەیی و ئابوری و تەکنەلۆجی و مەعریفیەکاندا.

پاش ئەم سەرەتایە قسە لە سەر سودەکانی چالاک بوونی پەرلەمان دەکەین لە بواری دیپلۆماسیدا، ئەمە لە ئاستی تیوری، بەوەی کە بە دیپلۆماسی پەرلەمانی ناسراوە، لەگەڵ ئاستی ئیمپیریکاڵ (واقیعی) دەخەینە ژێر ڕاڤەکردنەوە. لەم میانەدا دەپرسین بۆچی پەرلەمانی کوردستان پێویستە لە رووی دیپلۆماسیەوە چالاک بێت، ئەم چالاک بوونە چ سودێک بە دۆخی کوردستان دەگەیەنێت؟ لێرەدا دیپلۆماسیەت وەك ڕشتەیەکی دەوڵەتگەرایی وەردەگرین و لە هەمانکاتدا چالاکبوونی پەرلەمان بۆ تۆکمەکردنی ئەو لاوازیەی کە دیپلۆماسی کوردی بە دەستیەوە دەناڵێنێت چ لە ڕوی تیۆریەوە وەك بەشێک لە پارادیپلۆماسیی یان لە ڕوی واقیعیەوە کە دیپلۆماسیی نەتەوەیەك یان حکومەتێک نیە.

## پاشخان

گەر لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنواڕین، بە شێوەیەکی فەرمی، کوردی تیادا نابینین. ئەم دیارنەمانەی کورد، هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردەی تردا.

**یەکەم. کۆتایی سیستەمی ئیمپراتۆری:** لە پاش دۆڕانی عوسمانیەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئیتر ئیمپراتۆریەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتاییان هات و دەروازەی کردەوە بۆ هاتنی رۆژئاوا لە شێوازی کۆلۆنیاڵیزمدا بۆ ناوچەکە، کە پاشان جۆرێکی تری لە رێکخستن هێنایە ئاراوە، کە جودا بو لە رێکخستنی ئیمپراتۆری.

**دووەم. سەرهەڵدانی شێوازێکی رێکخستنی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سیستەمی دەوڵەتە:** دەوڵەت وەک پێکهاتەیەکی مۆدرێن لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ڕاستیدا جەنگی جیهانی یەکەم، وەك ساتەوەختی تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی مۆدێرنە دەبینرێت لە دونیادا.

**سێیەم. دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە دروست کراوە:** بەڵام چونکە نەتەوە وەك پێکهاتەیەکی تری مۆدرێن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی نەبوە، ئەوا ئەرکی دەوڵەت بووە کە نەتەوە بۆخۆی دروست بکات، لە پێناو باشتر بەرێوەچونیدا. ئەم دوو پرۆسەیە، دروستکردنی دەوڵەت و دروستکردنی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شکستخواردو بوو.

**چوارەم. کورد کە نەبوە بە خاوەن دەوڵەت:** ئەوا لە میانەی پرۆسەی هەر دەوڵەتێک بۆ نەتەوەی دەوڵەتی، هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی دراوە. دەرئەنجام کورد بوە بە گەلێک کە دەبێت لە میانەی پرۆسەی گەشەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونی نەمێنێت.

دەرئەنجامی ئەمە ئامادەنەبوی کوردبوە لە سەر ئاستی دیپلۆماسیی دەوڵەتی. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نیە کە زۆربەی پەیوەندییەکانی کورد لە ڕابردودا پەیوەندی نهێنی بوە.

ئەمە مێژویەکی پڕ لە ئازار و ناسۆریە کە لە سەدەی ڕابوردوو کورد بە دەستیەوە ناڵاندویەتی، لە گشت پارچەکانی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین کە کورد ئەو گەلەیە کە لە میانەی گەشەی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدرێن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو بوونی بسڕدرێتەوە و لە بۆتەقەی هەر دەوڵەتێکدا ببێتە بەشێک لە نەتەوەی ئەو دەوڵەتە. دیارە لێرەدا مۆدێلی دەوڵەتی دروستبوو مۆدێلێکی نادیموکراسی،

تاکانەی، دژە جیاوازبوە. ئەمەش هێندەی تر دۆخی کوردی سەختکردوە بەوەی کە نەتوانێت وەك خۆی بمێنێتەوە و داکۆکی لە بونی خۆی بکات لە دونیادا. ئەوەی هێندەی تر ئەم دۆخەی ئاڵۆزکردوە بونی دەوڵەتە وەك تاکە یەکەی دانپیانراو لە میانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. دەوڵەت کە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (رێککەوتنی وێستفیلیا - Treaty of Westphalia) لە بەرواری 24ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1648دا. ئەم جەنگەی کە لە ساڵی 1618 لە پراگەوە دەستی پێکرد کاتێک سێ کاتۆلیک بە تاوانی ئەوەی دژ بە ئازادی ئاینی هەڵسوکەوتیان کردوە، لە لایەن پرۆتسانەکانەوە گیران و پاش دادگاییکردنیان لە پەنجەرەوە فڕێ درانە خوارەوە، ئەم رووداوە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی سی ساڵ جەنگ لە نێوان پرۆتسانت و کاتۆلیک لە ئەوروپادا.

ئەو رێککەوتنەی لە سەر کۆمەڵێک خەسڵەت هاتە ئاراوە، لەوانە، سەروەری بە سەر خاک و وڵاتدا، دانپیانان بە یەکتردا، رێزگرتنی سنور، دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر. ئەم خەسڵەتانەیە وەها دەکات کە سیستەمی ئەمڕۆ بە سیستەمی وێستفیلیایی بناسرێت. هەموو ئەم خەسڵەتانە کە پاشان بوونە بە خەسڵەتی سیستەمی نێودەوڵەتی، لە قازانجی کورددا نەبوون. بە جۆرێک ئازادی دەدەن بە دەوڵەتانی خاوەن سەروەر مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی ناو سنوری وڵاتەکەیاندا بکەن بە ئارەزوی خۆیان. هەرچەندە پاش جەنگی جیهانی دووەم کۆمەڵێک نۆرم هاتنە ئاراوە وەك مافی مرۆڤ، بەڵام لە ڕوی پراکتیکەوە هێندە بەهێز نەبوو کە رێگربێت لە رووداونی قاتوقڕی و جینۆساید. ئەمرۆ ئەم سیستەمە لە ساتەوەختی وەرچەرخانیدایە بە کۆمەڵێک هۆکار، کە هەندێکیان گەردوونین و زۆرێکیان ناوچەیین.

بەم پێیە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەدەی ڕابردودا خەڵکێکی نادیار بووە، هەوڵی سڕینەوەی دراوە بەوەی بکرێنە خەڵکێکی تر لە ناو بۆتەقەی دەوڵەتانی جیاوازدا. ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت ئەسیمیلەیشن assimilation، یان تواندنەوە. ئەم دۆخە بە هەموو شێوەیەك رێگربوە لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە پەیوەندیەکی دیپلۆماسیی. بەڵکو خەسڵەتی سەرەکی پەیوەندی کورد لە گەڵ دەوڵەتانی سەردەستدا پەیوەندی جەنگ بوە نەك دیپلۆماسی، لە هەمانکاتدا لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا بە نهێنی و بە لاوازی پەیوەندی دروستکردوە و بۆ ئامانجی تایبەت لەلایەن زلهێزەکانەوە بەکاربراوە بە تایبەت لە ساڵانی درێژی شەری ساردا. لە ئەنجامدا کورد ئەکتەرێکی خاوەن ئەجێندا نەبوە، بەڵکو زیاتر وەک پرۆکسی و ئامرازی هاوسەنگردنی هێز و کارتی فشار بەکاربراوە. (دەبێت کورد، خۆی لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی بەدوربگرێت لەم بوارەوە).

ئەم دۆخە لە ڕوی دەرونیەوە کاریگەری زۆری لە سەر تاکی کورد بەجێهێشتوە بەوەی خۆی وەك مرۆڤێک ببینێت کە بواری ئامادەبونی نیە لە دونیا و بێ دۆستە و هەموو هێزەکانی تر تەنها بەکاریدەبەن. یەکێك لە دەرکەوتە ڕەمزیەکانی ئەم دیاردانە پرسی نەبونی رێککەوتن یان ئیمزا لە نێوان کورد و لایەنەکانی تردا. بە مانایەکی تر نافەرمی بوونی کورد لە ئاستی دیپلۆماسی لە دونیادا. ئەمەش زەمینە سازبوە هەتا کورد لە رێگای دەزگا سیخوڕی و نهێنیەکانەوە مامەڵەی لە گەڵدابکرێت، لە ئەنجامدا لە بواری دیپلۆماسیدا بێ ئەزموون و لاوازبێت.

## دەتوانین لەم پاشخانە سەرەوە کۆمەڵێک دەرئەنجام بە دەست بهێنین:

**یەکەم:** کورد قەیرانی هەیە لەگەڵ سیستەمی نیودەوڵەتی سەدەی بیست. ئەمڕۆ ئەم سیستەمە هەتا بێت زیاتر و زیاتر بە هۆکاری جیاواز درز و کەلەبری زۆری تێدەکەوێت. ئێستا ساتی قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتەیە. لە دونیادا شێوازێکی تر لە دیپلۆماسیی لە سەرهەڵداندایە کە پێی دەڵێن دیپلۆماسیی نوێ، کورد دەتوانێت سودی لێ ببینێت. بەپێی André Géraud دیپلۆماسیی کۆن زیاتر لە شێوازی هاوپەیمانێتیە لە نێوان وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا دژ بە وڵاتێکی تر. لە هەمانکاتدا دیپلۆماسیی نوێ زیاتر گەردوونی یان نیمچە گەردوونیە[1].

بەو مانایە لە دیپلۆماسیی نوێدا وڵاتان زیاتر لە سەر چەمکێک یان بەهایەك یان ئامانجێک ڕێکدەکەون. بۆ نموونە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، جەنگی دژە تیرۆر. ناوی جەنگێک لە سەر بنەمای بەهایەك کە گەردونیە هەروەها بەهایەکی مرۆڤایەتیە.

**دووەم:** کورد لە رێگای سیستەمی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەوڵی شاردنە و سڕینەوەی دراوە، ئەرکی کوردە بە هەموو ئەو شێوازانەی کە لە توانایدایە هەوڵی ئامادەبوون دەرکەوتنی بدات لە دونیادا. بە رێگای جیاواز و بە سودبینین لە وەرچەرخانی مۆدی دیپلۆماسی. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕیەتی لە دیاردەی خراپ و نەریتی دواکەوتوو، دەرفەتە بۆ کورد ئەگەر بتوانێت پێچەوانەی ئەو دیاردە و نەریتانە بێت.

**سێیەم:** کورد دەبێت بە شێوازی نوێ خۆی رێکبخات هەتا بتوانێت بەشێک بێت لە دیپلۆماسیەتی نوێ لە دونیادا. دەبێت پێکهاتەیەك بێت کە جودابێت لە کەلتوری

**1.** بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە گۆڤاری فۆرن ئەفێر، ژمارەی کانونی دووەمی ساڵی **1945.**

دەوڵەتداری و دەوڵەت نەداری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆخۆت باشبە، دونیاش لە گەڵتدا باش دەبێت. بتوانە حکومداری خۆت بکە بە شێوەیەکی مرۆڤانەی سەردەمیانە، دەتوانێت لە دونیای مرۆڤایەتی سەردەمدا جێگای خۆت بکەیتەوە. بۆیە دەبێت ستراتیژی کورد بریتی بێت لە جێهێشتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕوی بەها و نۆرم و شێوازی حوکمڕانی.

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی ئەوەیە کە چۆن دەزگایەکی گرنگی وەک پەرلەمان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە بواری دیپلۆماسیی کوردیدا لە رۆژگاری ئەمڕۆدا.

ئەم توێژینەوەیە لەو ڕوانگەیەوە دەنوارێت کە لە کاتێکدا دونیا ئامادەیە بۆ نوێبونەوە، کورد ئامادەنیە یان بە هەمان خێرایی نوێ نابێتەوە، بۆیە مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە نەتوانێت سود لەم دەرفەتە وەربگرێت.

## ستراکچەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکەی ئێمە لە سەر دوو هێڵ دەڕوات، یەکەمیان ئەکادیمیە، کە ئامانجی تێگەیشتنێکی بێلایەنانەی قووڵی فرە ڕەهەندە، لە هەمانکاتدا بە ئامانجی داڕشتنی پۆلەسی نوسراوە.

ئەوەی ئێمە ئامانجمانە ئەوەیە کە چۆن رێنماییەك بۆ پیادەکردنی ئەم کێڵگەیە بهێنیە ئاراوە کە لە هەمانکاتدا بیرمان فراوان بکات و هاوکارمان بێت بۆ ئەزمون کردن. وەك توێژینەوە ئەکادیمیەکان دەریانخستوە کە پەیوەندیەکی ئۆرگانی پتەو لە نێوان کاری تیۆری و پراکتیزدا هەیە لە بواری دیپلۆماسیدا، کە هەردوو یەکتر دەوڵەمەند دەکەن، بە وتەی ڕایمۆند کۆهن Raymond Cohen :

دیپلۆماسی ژوری بزوێنەر یان مەکینەی کاری نێودەوڵەتییە، بە مانای ئەو جێگایەی کە زۆرترین کاری سەرەکی تیادا بەڕێوە دەچێت. بۆیە دەبێت ببێتە جێگای بایەخی توێژەرانی بواری دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها کارەکانی پاوڵ شارپ Sharp Paul جەخت لە سەر هەمان دید دەکەنەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کەلتوری دیپلۆماسیی کوردی بە دەست هەژاریەکی بێ ئەندازە خراپەوە دەناڵێنێت. دیپلۆماسیی هێشتا وەك جۆرێك لە هەڵسوکەوت و جلپۆشین بیری لێدەکرێتەوە، لە بڕی ئەوەی شێوازێک بێت بۆ پەیوەندی، جۆرێک بێت

له سیاسەتکردن، ڕێگایەك بێت بۆ دەوڵەتداری، شێوازێک بێت بۆ ئامادەبون له دونیادا، بیرکردنەوەبێت له ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خود.

له ڕاستیدا دیپلۆماسیی شێوازێکی سەرەکیه بۆ ناسینی خۆت. هیچ پێکهاتەیەك ناتوانێت دیپلۆماسیی کارایانه بەکاربەرێت ئەگەر نەزانێت خۆی کێیه، پێگەی له دونیادا چیه، خواست و خەونەکانی چین، هەروەها ڕێگرەکانی کامانەن.

به دەزگاییکردنی دیپلۆماسیی له ڕێگای پەرلەمانەوە به هەبوونی یەکەیەکی، هەرچەنده بچوک، بەڵام کاریگەر بۆ چاودێریکردنی پراکتیزەکان و هەوڵدان بۆ تیۆریزەکردنیان به مەبەستی باشترکردنیان به سودبینین له ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی دونیا لەم بواردا، له گەڵ ئەزموونی گەلان و کەسان.

## دیپلۆماسیی چیه؟

دیپلۆماسییەت کاری دەوڵەته، بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، له نێوکایەی دەوڵەتاندا، به بەرژەوەندی دەوڵەت. ئەم جۆره دیپلۆماسییه، زیاتر دیپلۆماسیی مۆدرێنه. ئێمه له هەمانکاتدا دیپلۆماسیی پێش-مۆدرێنمان هەیه، که خەسڵەتەکانی جودان، بەڵام بنەمایەکن بۆ ئەم خەسڵەتانەی ئەمڕۆ. دیپلۆماسیی دەوڵەتی له ڕێگای دیپلۆماتکاره فەرمییەکان و کەناڵه دیاریەکانی دیپلۆماسییەوە دەکرێت وەك باڵوێزخانەو کونسوڵگەری و نوێنەرایەتیەکان.

ئەم شێوازه لەگەڵ گۆڕانی دونیادا له ڕوبەروبونەوەی قەیرانی گەورەدایه. که هەتا بێت زیاتر به کەڵکی سەدەی بیست و یەك نایەت. کورد له سەردەمی دیپلۆماسی دەوڵەتدا پەراوێز و لاوازبوو. ئامرازەکانی کورد لەم سەردەمەدا بریتی بوو له ئازار و نەهامەتیەکانی. میتۆدیشی بریتی بوو لەوەی چۆن ببێته مایەی سەرنج له ڕێگای ئاوارەبون و ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەوەوە.

ئەم قۆناغه زیاتر قۆناغی بەزەییه، که به گشتی دۆخێکی کاتیه، له میانەی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. زیاتر پشت دەبەستێت به ڕۆڵی میدیا، له کاتێکدا میدیای ئەمڕۆ ناتوانێت به هیچ جۆرێک بۆ ماوەیەکی زۆر له سەر هیچ کێشەیەك به شێوەیەکی دراماتیکی بەردەوام بێت. دەتوانین به بەکاربردنی میتۆدی کۆنسیومەر له سەردەمی سەرمایەداریدا consumer in capitalism لەم دیاردەیه بەباشی تێبگەین.

دیاره دەتوانرێت سەرمایە بکرێت لە سەر تراژیدیاکان بەڵام ئەمە پێویستی بە کاری گەورە هەیە. دەکرێت نمونەی هۆلۆکۆستی جولەکە و جینۆسایدی ئەرمەن وەك مۆدێل وەربگیرێت، کە چۆن دەتوانرێت تراژیدیای نەتەوەیەک لە یادەوەری دونیادا بە زیندویی بهێڵرێتەوە. یان وەك لە نمونەی ئیسرائیلدا ببێتە بەشێک لە نۆرمی ئەخلاقی نێودەوڵەتی.

دیاره ئارگومێنتێک هەیە بۆ پێگەی ئەخلاق لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا، کە گوایە هەندێک وڵات، تەنها چاکەی خۆیان ناوێت، بەڵکو چاکەی ئەوانیتریشیان دەوێت، ئەمە زیاتر دیدێکی ئایدیالیزمە. ئەگەر ئەمریکا بە نمونە وەربگرین دیدی (ویلسۆن) بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت، هەروەها لای قوتابخانەی ترادیشیون ئەم ئارگومێنتە بە هێند وەردەگیرێت، لە کاتێکدا لای ریالیستەکان هێندە جێگای بایەخ نیە.

دیدێکی تر بۆ دیپلۆماسیی بریتیە لە دیدی جیهانیGlobalist Perspectives ، ئەم دیدە ئەوە لە بەرچاودەگرێت کە هەتا بێت دونیا تێک دەئاڵێت و دەوڵەت دەبێت دەزگایەکی بێتوانا لە بینینی ڕۆڵی نوێنەرایەتی، بەڵکو دونیا یان جیهان خۆی وەك یەك یەکە لە گەشەدایە کە مۆدی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پەیوەندیکردن. ئایا دەوڵەت چی بە سەردێت، ڕۆڵی نامێنێت یان لاواز دەبێت یان دەگۆڕێت؟

من هاوڕام لە گەڵ گویرگ سۆرنسون Georg Sorenson لە کتێبی: وەرچەرخانی دەوڵەت بەدەر لە ئەفسانەی پاشەکشێ، کە پێی وایە ڕۆڵی دەوڵەت گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە نەک لاواز یان بەهێز بوبێت. بەڵام لە میانەی ئەم گۆڕانکاریانەدا بوار ڕەخساوە بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان non-state actors و حکومەتە دی-فاکتۆکان و دەزگا جیهانییەکان هەتا رۆڵی زیاتر ببینێ. بە مانایەکی تر دەوڵەت هەموو سەروەرییەکەی جارانی لە دەستدا نیە، چونکە دونیا هێندە لێکدابڕاونیە. ئەمە بە مانای لاوازی دەوڵەت نایەت هێندە بە مانای رۆڵی نوێی دەوڵەت دێت لە دونیاییەکی جیاوازدا. دەرئەنجامی ئەمە ئەوەیە کە پێی دەوترێت دیپلۆماسیی نادەوڵەتی non-state diplomacy . لە دوو ئاستدا بواری ڕەخساندوە، لە ئاستی بان-دەوڵەت و لە ئاستی خوار دەوڵەت.

ئەم بوارە هێندە وەك دۆخێکی تێپەر دەبینرا هێندە وەك وەرچەرخانێکی یەکجارەکی نەدەبینرا. بۆیە ئێستا قسەی زیاتر لە سەر هاتنە ئارای دۆخی پاش- گلۆبالیستە post-globalist’. ئەم دۆخە لە کاتێکدا دان بە ڕۆڵی گرنگی دەوڵەت و پەیوەندییە

نێودەوڵەتیەکاندا دەنێت، لە هەمانکاتدا جەخت لە سەر گۆڕانی بارودۆخەکە دەکاتەوە کە هەردوو دەوڵەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان تیایدا دەگوزەرێن.

دۆخی نوێ بریتیە لە دۆخێک کە تیایدا دەوڵەت و پێکهاتەکانی تری نادەوڵەتی وبان-دەوڵەتی چالاکانە رۆڵی خۆیان دەبینن لە داڕشتنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکاندا. ئەمە لە ئاستی گشتی و گەردونیدا.

بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگە کە جەختی لە سەر بکرێتەوە دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ڕوی دەوڵەت و سیستەمی ناوچەییەوە کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ڕۆڵێکی کاریگەرتری حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان.

زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچنە خانەی دەوڵەتی شکستخواردووەوە failed state. بەو مانایە جۆرە دەوڵەتێکن کە ناتوانن بە ئەرکە دەوڵەتداریەکانیان هەستن بەرامبەر بە خەڵک و خاکەکەیان. بە ئاستێک کە لە ڕاستیدا سیستەمی دەوڵەت لە ناوچەکەدا لە داروخاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت کۆمەڵە ناوەندێک لە سەرهەڵداندان: ئێران، سعودیە، تورکیا، ئیسرائیل، کە لە هەوڵی ئەوەدان چۆن قوڵایی ستراتیژیان فراوان بکەن. لە میانەی ململانێی ئەم ناوەندانە هەموو ئامرازێک بەکاردەبرێت. هەر یەك لەم ناوەندانە بە شێوازی جیاواز لەگەڵ کورددا لە پەیوەندیدان و بەهێزی و لاوازیان کاریگەری لە سەر کورد هەیە.

ئەم ململانێی ناوەندانە دۆخێکی ناسەقامگیری گشتی هێناوەتە ئاراوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە نێو ئەم ناسەقامگیریەدا کورد دەتوانێت دەربکەوێت، ئەگەر بزانێت چۆن لەگەڵ نۆرمەکانی دونیادا تەبابێت، چۆن ئامانجی خۆی و ئامانجی هێزە گەردونیەکان لەیەك نزیک بکاتەوە، هەروەها چۆن بە شێوازی نوێ دیپلۆماسیی بکات. لە سەروی هەموویەوە چۆن بە شێوازێکی سەردەمی مۆدرین حکومڕانی بواری سیاسی و ئابوری خۆی بکات.

دیپلۆماسی وەك هەر بوارێکی تر بوار و ئامرازی خۆی هەیە. بەم پێیە هەر ئامرازێک وەها بکات کە دوو وڵات یان زیاتر بەیەك بگەن ئەوا ئەو ئامرازە دەبێتە ئامرازێکی دیپلۆماسیی. بۆیە هەمیشە لەگەڵ دیپلۆماسیەتدا ناوی تر دەبیستین، بۆ نمونە دیپلۆماسیی وزە، دیپلۆماسیی کەلتور، دیپلۆماسیی زانست، دیپلۆماسیی سەربازی...هتد. بەم پێیە دەکرێت هەموو شتێک ببێتە ئامرازی دیپلۆماسیی ئەگەر بێتوو بتوانرێت بکرێتە کاڵای گوازراوە لە نێوان دوو وڵات یان زیاتر بە ئاستێک وەها کە ئەو دوو وڵاتە یان زیاتر ناچاربکات کە جۆرێک لە نزیکایەتی و تێکەڵبون و

هاوبەرژەوەندی و نزیکایەتی لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە. لێرەوە بوارەکە گەشە دەکات بۆ بوارەکانی تر، وەك پاراستنی ئاسایشی یەکتر و مۆرکردنی رێککەوتننامە.

هەروەها فاکتەرێکی تر کە پاڵنەرە بۆ چالاکبونی دەزگایەکی لۆکاڵی وەك پەرلەمان لە ئاستی نیودەوڵەتیدا بریتیە لە کاڵبونەوەی ئەو سنورە لە نێوان دەرەو و ناوەوەدا. بە جۆرێک بە هەندێک شێواز دەرەوە و ناوەوە لە دونیای ئەمڕۆدا نەماوە. دیارە ئەگەر هێزێکی وەك ئەمریکا وەک ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی تەماشا بکەین ئەوا چیدی شتێکی تر نەماوە بە ناوی دەرەوە، وەك نێگری و هاردت باسی دەکەن لە کتێبی ئیمپایەردا (ئیمپراتۆریەت) باسی دەکات. ئەمڕۆ هەموو لۆکاڵێک دەخوازێت بە تامی لۆکاڵی خۆی لە دونیادا ئامادەبێت بۆئەوەی ببێتە خاڵێکی دیار لە سەر نەخشەی جیهان و سودمەند بێت لە گەشە و هاتوچۆی ئابوری لە سەر گۆی زەوی.

## بۆچی دیپلۆماسی گرنگە

دیپلۆماسی لەگەڵ شەڕدا دوو ئامرازی دەست هەموو هێز و لایەنێکن بۆ گەیشتنە ئامانجەکانیان. کەواتە دیپلۆماسیی ئەڵتەرناتیڤی شەڕە. کورد گەلێکە دوو جۆر شەری کردوە، شەڕێک بۆ مافەکانی لەگەڵ شەڕێک کە بە سەریدا سەپێنراوە. (هەروەها شەڕی ناوخۆش)!! شەر لە دۆخی کورددا ئەو ئامرازە خوازراوە نیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵکو ئامانجێکی ناچارییە.

بەڵام دیپلۆماسیش ئاسان نیە. نەیارانی کورد حەزدەکەن هەمیشە ئامرازی کورد شەربێت نەك دیپلۆماسی، چونکە شەر، لە زۆربەی کاتدا بۆ کورد جەنگێکی ناهاوتا دەبێت، چونکە کورد بەشێک نیە لە سیستەمی نێودەوڵەتی بە ئاسانی ناتوانێت ڕەوایەتی شەر و ئامرازەکانی جەنگی دەست بکەوێت.

بۆیە، وەك چۆن جەنگ ئامرازی بونیادی دەوڵەت بوە لە مێژوودا، بە هەمان شێوە دیپلۆماسیش ئامرازی بونیادنانی دەوڵەتە وەك چارلس تیللی لە مێژووی ئەوروپادا پێمان دەڵێت"بە تایبەت لە تێزی شەر دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت شەر دەکات چونکە جەنگ پێویستی بە هەوڵ و رێکخستن و ڕاهێنان و یەکبوون و بونیادی هێز و سیستەم هەیە لە ئەنجامدا بنەماکانی دەوڵەتداری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە بە تایبەت ئەگەر بوبێتە مایەی مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژی، کە بنەما سەرەکیەکەی دەوڵەتە بە پێناسە بە ناوبانگەکەی ماکس ڤیبەر، بنوارە وتاری سیاسەت وەك پیشە

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد ساڵی 1946". کورد ئەگەر جەنگ مایەیماڵوێرانی بۆی ئەوا دەبێت هێندەی جەنگ بایەخ بە بواری دیپلۆماسیی بدات.

لە هەمانکاتدا لە ڕویەکی ترەوە دیپلۆماسیی فێربونی چۆنێتی پەیوەندیکردنە بە دونیاوە، بە ئامانجی سودبینین. دیپلۆماسی کوردی لە ڕێگای چالاکبونی زیاتر و فرەکردنی کەناڵەکانی دەتوانێت ئەزموون کەڵەکە بکات لە پێناو دەزگاییکردن و نیشتمانی کردنی ئەم بوارەدا. دیپلۆماسیی پەرلەمانی بوارێکە کە کورد وەك گەلێک و خاوەن کێشەیەك بە دونیاوە دەبەستێت، لە ڕوانگەیەکی پڕ دینامیکی سەردەمیانەوە.

جگە لە ڕۆڵی نوێنەرایەتی و داکۆکی و ناساندن و بونیادی؛ پەیوەندی دیپلۆماسیی گەلێک ڕۆڵی تری هەیە و هەتا بێت ڕۆڵ و بواری تری نوێی دێتە سەر، لەگەڵ گۆڕانی دونیادا. لە ڕاستیدا یەکێك لە پێناسە باوەکانی دیپلۆماسیی بریتیە لە ئیدارەکردنی گۆڕان یان گۆڕانکاری. لە دونیای ئەمڕۆدا شتەکان بە خێرایی ڕوودەدەن، بە خێرایی دەگەن و بەخێرایی دەڕۆن. لە هەناوی ئەم خێراییەدا ئەگەر دەستوبرد و چوست و چالاک نەتوانیت ئامانجی خۆت بپێکیت ئەوا هەرزوو دەست بەتاڵ دەبیت. ئیدارەکردنی گۆڕان لە دونیای ئەمڕۆدا ڕەنگە قورسترین کاربێت، چونکە هیچ ڕووداوێک نیە، لە جێگایەکی دونیا ڕووبدات، دابڕاو لە جێگاکانی تر. بەم پێیە هیچ ڕووداوێک نیە کە بەرژەوەندی زلهێزە جیهانیەکان و هێزە کاریگەرە ناوچەییەکانی تیادا نەبێت یان هەوڵ نەدرێت لە لای ئەوانەوە بەکارببرێت. چونکە بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجیاوە، هەم ڕووداوەکان دابڕاونین و هەم بەکاربردنیان ئاسانە. بەم پێیە دیپلۆماسی، یەکەم پرۆسەیە، دووەم، پەیوەندیگەرایە (relational)، سێیەم، سیاسیانەیە. ئەم فرە ڕەهەندی و فرەئاستیەی دیپلۆماسییە لە ئەمڕۆدا وایزمان ناوی دەنێت polylateralism.[2]

یەکێکی تر لە ڕەهەندە گرنگەکانی دیپلۆماسی بریتیە لە ڕێگایەك بۆ دەرچوون لە تەوقی جوگرافیا. هەرێمی کوردستان لە جێگایەکی داخراودایە، هیچ بەندەرێکی لە سەر دەریا نیە. ئەم دۆخی لاندلۆکە landlocked، لە زۆر ڕووەوە بوەتە هۆی لاوازی پێگەی کورد. کورد بەهۆی ئەم دۆخە جوگرافییەوە هەمیشە وابەستەیە بە پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە وڵاتانی دراوسێ. ئەم جۆرە پەیوەندییە هەتا ئەمڕۆ پەیوەندییەکی ئاسان نەبوە، لە بەر کۆمەڵێک هۆکار، لە نێوانیادا ئامانجی هاوبەشی وڵاتانی هەرێمی لە بە پەراوێز هێشتنەوەی کورد لە ناوچەکەدا. دیپلۆماسیی تەنها ڕێگایە بۆ

---

2. بۆ زیاتر زانیاری بنوارە پۆلیلاترالیزم و مۆدی نوێ بۆ دایەلۆگی گلۆباڵ، لە کتێبی
Diplomacy: Problems and Issues in Contemporary Diplomacy

دەرچوون یان زاڵبوون بە سەر ئەم ڕێگرە گەورەیەدا. بوونی پەیوەندی دیپلۆماسیی بە دوو ڕێگا کاریگەری هەیە لە سەر شکاندنی ئەم تەوقە.

یەکەم، لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکاندا، دووەم لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا کە کاریگەری هەیە لە سەر چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکاندا. هەتا پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا باش بێت، پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانیشیدا باشتر دەبێت. بە پێچەوانەوە، هەتا پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا خراپ بێت، دابڕاو بێت لە دونیای دەرەوە ئەوا پەیوەندی لەگەڵ درواسێکانیشیدا لاواز دەبێت.

وڵاتی لاندلۆکد دەبێت هەوڵی دیپلۆماسی زیاتر و چرتر بدەن چونکە دۆخی لاندلۆکد، بە پێی ڕاپۆرتە جیهانیەکانی بواری گەشە، لەلایەن IMF, World Bank ەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە نەبوونی دەروازە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەریا، یان بازاڕی جیهانی، کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر چۆنێتی گەشەی دەزگاو سیستەمی حکومڕانی لە وڵاتە داخراوەکاندا.

ڕەهەندێکی تری دیپلۆماسیی بریتیە لە ناسنامە. هیچ گەلێک نابێتە خاوەن هیچ جۆرە دیپلۆماسییەکی تۆکمە ئەگەر خاوەن ناسنامەی خۆی نەبێت. ناسنامە بە گشتی دوو ئاستی هەیە، تۆ خۆت کێیت، لە لایەك، ئەویتر تۆ چۆن دەبینێت. هەروەها تۆ خۆت کێیت لە بەرامبەر ئەویتردا، چەند ئەویتری دراوسێ یان بیانی کاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی تۆ کێ بیت؟ چەند خۆت دەخوازێت خۆت کێبێت بەبێ ئەویتر؟ هیچ گەلێک بەبێ ئەویتر نیە. کەواتە ئایا لە پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا دەبێت چی بگۆڕێت بۆ ئەوەی، ئەوەی دەیخوازیت بە دەستی بهێنێت. ئایا دەبێت هەڵسوکەوت behavior بگۆڕێت، دەبێت ناسنامە بگۆڕدرێت. ئایا پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا پرۆسەیە، یان دەرفەت. بە مانایەکی تر ئایا پەیوەندی سەقامگیر بوونی هەیە، یان پەیوەندییەکان هەمیشە لە ناسەقامگیری و هەڵبەز و دابەزدان؟

بۆ کورد دیپلۆماسی پەرلەمانی کە دیپلۆماسی گشتی و کەلتوری و نوێ و دەزگایی و نیشتمانی لە خۆی دەگرێت، گرنگترین بوارە کە هاوکاری دەکات بۆ دەستکردنە بونیادی ناسنامەیەکی تۆکمەی گەردونی سەردەم، کە هاوکاری بێت لە هێنانە ئارای پەیوەندیەکی دیپلۆماسیی سەردەمیانە. ئەگەر پێناسەی باوی دیپلۆماسی کەلتوری وەربگرین ئەوا بریتیە لە گۆڕینەوەی بیر و زانیاری و بەها و سیستەم و کەلەپور و باوەڕ و لایەنەکانی تری کەلتور بە ئامانجی بونیادنانی لێکگەیشتنێکی هاوبەش. بەم

پێیە هەموو پێکهاتە ژیارییەکانی خەڵکێک بنەمای پێکەوەگرێدان و لێکگەیشتن و خۆناسینی گەلێکە لەگەڵ گەلێلی تردا.
ناسنامەی کورد مێژوو و جێگا و سەربوردە و توانا و ژیاری کورد و کوردستان دیاری دەکەن. گەلان بە پێی دیدی کیسنجەر گیرۆدەی دیرۆک و جێگاکانیانن، ئەرکی دیپلۆماسیی ئەوەیە کە لەم قەدەرە رزگاریان بکات.

## قەیرانەکانی دیپلۆماسیی کوردی

جیوپۆلەتیکی کوردستان ئاڵۆز و لاوازە. بەشێکی لە جیوپۆڵەتیکی ناتۆدایە، بەشێکی لە جیهانی عەرەبی، بەشێکیشی لە ئێران. دەکرێت هەریەك لەم بەشانە وەك قوڵایی ستراتیژی هەرێمی کوردستان ببینرێت. ئەمە ئەگەر کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەبێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر کوردستان لاوازبێت ئەوا هەریەک لەم پارچانەی تری کوردستان بەکاردێن وەك فشار.

ئێستا ئەم جیوپۆڵەتیکە بە خێرایی دەگۆڕێت. کورد زیاتر و زیاتر دەبنە هێز و ئەکتەر لە ناوچەکەدا. بەڵام هێشتا عەقڵی جیوپۆڵەتیکی کوردستان لاوازە، هێشتا وێنای هیچ جۆرە یەکبون و پێکەوەبونێک نیە. بەڵکو زیاتر ترس و پەرتبون هەیە. لە کاتێکدا دەرفەتە بۆ بونی کورد بە هێزێکی تۆکمە و گەورە، لە هەمانکاتدا کورد لە هەموو کەس زیاتر لە خۆی دەترسێت. ئەمە هەموو لە بەر ئەوەی هێشتا تێڕوانین بۆ سیاسەت بە پێوەرەکانی سەدە ناوەندیەکانە.

دیپلۆماسیی کورد لە قەیراندایە. کرۆکی سەرەکی ئەم قەیرانە پەرتەوازەییە. پەرلەمان دەتوانێت ئەو ناوەندەبێت کە تۆڕێک بۆ ئەم جیاوازانە پێکبهێنێت و لەبڕی لە یەکتر ترسان بیانکاتە بونیادی پێکەوەبونی هێز. هێشتا لە نێوا هێزە کوردییەکاندا هونەری بەرهەمهێنانی هێزی نیشتمانی نەهاتوەتە ئاراوە. هێز بۆ ئەوەی بەرهەم بێت دەبێت سەرجەم توخمەکانی لە وڵاتدا گەشەی پێبدرێت. توخمەکانی هێز بریتین لە مێژوو، جوگرافیا، دیموگرافیا، کەلتور، کە وەك توخمە نەگۆڕەکان دەبینرێن. لە هەمانکاتدا توخمە گۆڕاوەکان بریتین لە توانای ئابوری، توانای تەکنەلۆجی، و توانای سەربازی.[3]

---

3. بە مەبەستی ئەژمارکردنی ئەم توخمانە سود لە کتێبی قوڵایی ستراتیژی داودئۆغلۆ وەرگیراوە، لاپەرە 35، چاپی الجزیرە.

دیارە هەریەك لەم توخمانەی هێز بە جودا پەیوەندیان بە دیپلۆماسییەوە هەیە، هەروەها هەمویان پێکەوە، ئەگەر بتوانرێت پێکەوە گرێبدرین، ئەوا دەبنە سەرچاوەی هیزی نیشتمانی کە بنەمای هەر پەیوەندییەکی دیپلۆماسییە. دیارە هەریەک لە توخمە پێکهێنەرەکانی هێز بوارێکی ئاڵۆز و گرێدراوە بە جۆری هەڵسوکەت و توانای تاك و کۆمەڵی نەتەوەیەک. ئێمە لێرەدا ناتوانین بە جودا باس لە پەیوەندی کەلتور و دیپلۆماسیی بکەین، هەروەها ناتوانین باس لە وزە و ئابوری و پێگە و باوەڕ بکەین لە پەیوەندی بە لە قاڵبدانی دیپلۆماسیی. دیارە وەک هەمیشە چەندیك ناسینی ئەم توخمانەی هێزی خود گرنگە هێندە ناسینی توخمەکانی هیزی ئەویتر گرنگترە چونکە وەك دەردەکەوێت کە دیپلۆماسیی کارێکی پەیوەندیگەرایە، بۆیە ناسینی ئەویتر دەبێتە هۆی باشتر پەیوەندیکردن و سودبین بە هەردوولا.

## سیستەمی ناوچەکە و کورد

ئۆردەر یان رێکخستن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سیستەم. کۆمەڵێک وڵات دەتوانن جۆرێک لە ئۆردەر رێکبخەن لە سەر بنەمای کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش، کە پێکەوە دەتوانن بۆ یەکتری دەستەبەری بکەن. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەت لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەشکراوە، نەیارێتی کورد بوە بە یەکێک لەو بەرژەوەندیە هاوبەشانە کە ئەم وڵاتانە لە نێوان خۆیاندا لە سەری کۆک دەبن. لە ئەنجامدا پێکەوەبونێک لە دیپلۆماسیی نەیارێتی کورد لە نێوان ئەم وڵاتانەدا سەرهەڵدەدات. تێکشکانی ئەم رێکخستنە ئاسان نیە، کاتێک هەر وڵاتێک بە قازانجی خۆی دەزانێت کە نەیارێتی کورد بکات. ئەگەر چی لە مێژودا رویداوە کە وڵاتانی ناوچەکە پشتیوانی هێزێکی کوردی دەکەن دژ بە وڵاتێکی تری دراوسێ، بەڵام لە ئەنجامدا هەرگیز پشتیوانی نەبوە بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی بەڵکو تەنها وەك کارتێکی فشار و دەستکەوتنی دەستکەوتی زیاتر بوە، لە نێوان ئەم وڵاتانەدا.

ئەم ئۆردەرە ناوچەییە، پێودانگی نێودەوڵەتیشی هەیە. هەر وڵاتێک لە دونیادا پرینسیپی سەرەکی ئەوەیە کە ئایا چۆن بەرژەوەندی زیاتر بۆ خۆی دابین بکات. لەم ڕوانگەیەوە، کورد کاتێک پشتیوانی دەکرێت کە بەرژەوەندی نەیارانی کورد کەمتربێت یان نەبێت. ئەمە لە پرۆسەی دانپیانانی دەوڵەتی کوردیدا، لە رووی هایپۆسیستەوە (فەرەزیەتەوە) دێتە ئاراوە. وڵاتێک کاتێک پشتیوانی دەوڵەتی کوردی دەکات کە ئەو پشتیوانیە زیان بە بەرژەوەندیەکانی نەگەیەنێت لەگەڵ وڵاتانێک کە نەیاری دەوڵەتی کوردین. ئەمە بە تایبەت بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە کوردستانیان بە سەردا

دابەشکراوە. بەمانایەکی تر بۆ نمونە، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، کاتێک بیانەوێت پشتیوانی دەوڵەتی کوردی بکەن، بەڵام ئەو پشتیوانیەیان ببێتە هۆی زیانی ئابوری و سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دژ بە دەوڵەتی کوردین (ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا بەشکراوە، ئەوا هەرزوو پاشەکشێ دەکەن).

چۆن دەتوانین لەم تۆڕی جاجۆڵکەیە دەربچین؟ دیپلۆماسیی پەرلەمانی یەکێکە لەو ڕێگایانە.

## سیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەیرانی دەوڵەت وەک دەرفەت بۆ پەرلەمان

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرلەمان دەزگایەکی دەگمەنە، ئەوەی دەگمەنترە پەرلەمانێکە کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پەرلەمان ببینێت. باشترین پەرلەمان دەکرێت پەرلەمانی وڵاتانی وەك کوێت، لوبنان و ئوردن بن، ئەمە ئەگەر ئیسرائیل و تورکیا بەدەربگرین لە نەخشەی ناوچەکە، چونکە هەردوو خاوەن پێگە و سیستەم و کەلتوری جیاوازن.[4]

هەروەها ئەم پێوەرە ڕاستە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە. بە مانایەکی تر باڵاترین ئاستی دیموکراسی لە ناوچەکەدا نیمچە دیموکراسیە. نیمچە دیموکراسی ئاستێکی خراپ نیە ئەگەر ڕێگری لێنەکرێت و ڕێگەی پێبدرێت گەشە بە خۆی بدات. چونکە سروشتی پەرلەمان لە ناو کایەی دیموکراسیدا بریتیە لە زیندویەتی. پەرلەمانی زیندو ئەو پەرلەمانەیە کە لە پەیوەندیەکی ڕاستەقینەدایە لەگەڵ خەڵک و حکومەتدا لە پێناو دابینکردنی پێداویستە ژیاری و ژیانییەکان بە ئاست و شێوازی باشتر.

پەرلەمان ناتوانێت بونی هەبێت ئەگەر دیموکراسی لە ئارادا نەبێت. پەرلەمانی تاک حیزبی و نادیموکراسی بوونی هەیە. بەڵام ئەوە پەرلەمان نیە، ئەگەر یەکێک لە ڕۆڵەکانی پەرلەمان قسەکردنە، بە پێی مانا فەرەنسیەکەی وشەکە، لە فەرەنسی کۆندا parlement بە مانای قسەکردن دێت، ئەوا قسەکردن بونی نابێت کاتێک ڕای جیاواز و دیدی جیاواز و بەرژەوەندی جیاواز لە ناو هۆڵی پەرلەماندا وەك نمونەی زیندوی کۆمەڵگا ڕەنگی نەدابێتەوە. دۆخێکی وەها کاتێک دێتە ئاراوە کە ئازادی بەرقەرابێت و زانیاری لە کۆمەڵگادا بگاتە دەست هەموان. بەڵام سەرباری ئەمانە

4. بەپێی Jane Kinninmont لە خانەی بیر چاتەم هاوس کوێت نیمچە دیموکراسیە،
Kuwait's Parliament: An Experiment in Semi-democracy

پێویستە ڕیکخستن و ڕێکخراویی هەبێت لە شێوەی حیزب یان هەر شێوازێکی تری مۆدرێن کە نوێنەری دید و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگابن. هەرچەندە دەبێت ئاماژە بە ئەوە بدەین کە دیموکراسی حیزبی لە قەیراندایە.[5]

دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دۆخی داروخانە لە زۆر بواردا، بە تایبەت لە بواری دەوڵەتدا، ئەوا زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ سەرهەڵدانی هێزەکانی ناو کایەی دەوڵەت. دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرە دەوڵەتێکە کە وەک دیوارێک وەهابوە لە نێوان کۆمەڵگا و دونیادا. بە روخانی ئەم دیوارە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕەو ڕوی دونیا دەکرێنەوە. دیارە ئەم کرانەوەیە کرانەوەیەکی نێگەتیفە. چونکە کرانەوەیەکە لە ئەنجامی شکست و داروخان، نەك لە ئەنجامی بە دەستهێنانی توانا و کارابوون.

شکستی دەوڵەت لە عێراق ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پارادیپلۆماسی و پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای دیپلۆماسی پەرلەمانیەوە زیاتر ئامادەیی و سەنگی خۆیان لە دونیادا بسەپێنن.

ئەم دۆخە ئاڵۆزە بە تایبەت قسەی زۆر لە بە ئەفریقایی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. بە ئەفریقایی بوون یانی بێتوانایی بونیادیی دەوڵەت بۆ گەڕانەوە یان گەیشتن بۆ دۆخی یان ئاستی دەوڵەت. لێرەوە دەوڵەت لە دەزگایەکی چارەسەرەوە دەبێت دەزگایەکی سەرچاوەی قەیران.

بە ئەفریقایی بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یانی بونی توندوتیژی بە مۆد، بە شێوازی هەرەباوی پەیوەندی. هەروەها دەرئەنجامی ئەمە بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێ لانە. ئەمڕۆ ئاوارەبون و بێلانەیی خەسڵەتێکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. خەسڵەتێکی تر سەرهەڵدانی گروپی توندڕەو توقێنەرە، وەك شێوازی حکومڕانی کە لە سەر هەڵپەو پەلامار و تالانی دەژین. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ئەفریقا، هەتا ئێستا جگە لە تالانی هیچ مۆدێلێکی تری سیستەمی ئیدارەی سامانی بە خۆیەوە نەدیوە.

ئەمە لە کاتێکدا مەترسیە چونکە ئێمەش زۆربەی ئەم خەسڵەتانەمان تیادایە، لە هەمانکاتدا دەرفەتە بۆ ئەوەی جودابین.

---

5. بۆخوێندنەوەی زیاتر لەم بواردا بنواڕە کارەکانی پیتەر مایەر Peter Mair و Schattschneider, کە دەربارەی ڕۆڵی نێگەتیفی حیزب لە ناو کایەی سیستەمی سیاسی ئەمڕۆدا نوسیویانە.

## دیپلۆماسی پەرلەمانی چیە؟

دیپلۆماسیی پەرلەمانی وەك دیاردە نوێیە، بەڵام سەرباری ئەوە مێژویەکی درێژی هەیە. هەندێک دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان. ئەندامانی سێنەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە تایبەت لە سەردەمی Philip V of Macedon هەردوو ڕۆڵی ئاشتیکەر و جاردەڕی شەڕیان گێڕاوە. ئەمە لە شەڕی پاش شکستی ڕێککەوتنامەی Phoenice ڕوویدا لە ساڵی 205ی پێش زاین. دیپلۆماسی پەرلەمانی زاراوەیەکی تایبەتی هەیە کە پێی دەوترێت پارلۆماسیی. هەندێک لێکۆڵەرەوە کاری دیپلۆماسیی پەرلەمان دابەش دەکەن بە سەر دوو تەوەرەدا: یەکەم لە ناوەوەی وڵات Intra-State Parlomacy، دووەم لە دەرەوەی وڵات Inter-State Parlomacy.

دیپلۆماسی پەرلەمانی وەك لە ناوەکەیدا دیارە بریتیە لە هەستانی پەرلەمان بە کاری دیپلۆماسیی. بۆ ڕەنگرێژکردنی سەرەتایەك بۆ ئەم دیاردەیە سود لە توێژینەوەیەکی نۆربیرت گۆتز وەردەگرین Norbert Gotz .
لای گۆتز زۆرجار دیپلۆماسیی پەرلەمانی وەك ناونیشانێک بەکاردێت بۆ کەسێکی سەر بە پەرلەمان کاتێک بە کارێکی دیپلۆماسیی هەڵدەستێت. بە پێی ڕابی ڕەی Rabi Ray سەرۆکی خانەی دووەمی پەرلەمانی هیندی، دیپلۆماسیی پەرلەمانی دەکرێت بەمانای هەستانی ئەندامانی پەرلەمان بە کاری دیپلۆماسیی بێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەك دیپلۆمات، یان پەرلەمان بە شێوەیەکی چالاک بەشداردەبێت لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەدا.
لە دۆخی کوردستاندا دەکرێت کەسی سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی بە کاری دیپلۆماسیی ڕۆژانە هەستن، کە ئێستا ڕوودەدات لە ڕێگای سەردانی نوێنەرانی وڵاتانی تر. بەڵام هاتنی شاند و دیپلۆماتکار بۆ گەیاندنی پەیام یان دەستکەوتنی زانیاری، تەنها یەک لایەنی کاری دیپلۆماسییە. نە پرۆسە دەهێنێتە ئاراوە، نەپێکەوەگرێدان لە ڕێگای پەیوەندیگەرا، نە سیاسەتکردنە بە مانا مۆدرێنەکەی. پەرلەمان لە کوردستان وەک دەزگایەك دەتوانێت و پێویستە بە کاری دیپلۆماسیی هەستێت، چونکە دیپلۆماسیی گشتی تەنها لە ڕێگای پەرلەمانەوە فەراهەم دەبێت، هەروەها لە دۆخی ئێستای کوردستاندا دیپلۆماسیی دەزگایی، کە بنەمای هێنانە ئارای پرۆسەیە لە پەیوەندی دیپلۆماسیدا تەنها دەتوانرێت لە ڕێگای پەرلەمانەوە فەراهەم بکرێت. لە لایەکی ترەوە لە بەر گرنگی پێگەی پەرلەمان وەك ناوەندێک کە سیمبولە بۆ دەسەڵاتی خەڵک و دیموکراسی و شەرعیەت، چالاک بوونی ئەم دەزگایە

دەبێتە هۆی بەخشینی رووی دیموکراسی بوون و شەرعی بوون و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک، کە لە جوگرافیایەکی سیخناخ بە دیکتاتۆرییەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیاردەیەکی دەگمەن و سەرنج ڕاکێش دەبێت کە لە ئەنجامدا سەرمایەیەکی ڕەمزی بەهێز دەبێت بۆ کوردستان و هەروەها پشتیوانێکی تۆکمەی دیپلۆماسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت کە خۆی لە شێوازی پارادیپلۆماسیدا دەبینێتەوە.

پەرلەمان دەتوانێت بە چەندین شێوازی جیاواز بە کاری دیپلۆماسیی هەستێت. پەرلەمان دەتوانێت قورسایی و کاریگەری هەبێت لە بواری دیپلۆماسیدا هەروەها فشار دروست بکات. لە هەمانکاتدا دەتوانێت بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕاستەوخۆ، یان لە رێگای رێگاپێدان و شەرعیەت پێبەخشین یان لە رێگای چاودێریکردنی کاری نوێنەرایەتیەکان، بۆ دڵنیابونیان لەوەی کە لە خزمەتی خەڵك و نیشتماندا بەکارەکانیان هەڵدەستن.
ڕەهەندێکی تری کاری دیپلۆماسیی پەرلەمانی پەیوەندیکردنە لەگەڵ پەرلەمانەکانی تری دونیادا. ئەو پەرلەمانانەی کە لە ناو کایەی سیستەمی پەرلەمانیدا کاردەکەن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش و بازرگانی و وزە و ژینگە و مافەکانی مرۆڤ و بوارەکانی تر.
ئەمە بە تایبەت لە وڵاتانی ئەوروپا و زۆر بە تایبەت لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا دەبینرێت. هەروەها دەتوانرێت ڕایەڵەی گروپی هاوڕێیان و دۆستایەتی لەگەڵ پەرلەمانەکانی دونیا دروست بکرێت. ئەم کارە ناسین و لەیەکتر نزیکبونەوە دروست دەکات بە ئاستێک ئەو گروپانە جۆرێک لە نوێنەرایەتی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان دەکەن. ئەنجامدانی کاری لەم شێوەیە پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری پەرلەمانتارە، چونکە گروپی هاوڕێتی دەبێت بە هەمانشێوە لە پەرلەمانی کوردستان گروپی هاوڕێتی لە بەرامبەردا هەبێت، کە بتوانن زمانی لەیەکترگەیشتن و ئاشنابوون بەرژەوەندی هاوبەش گەشەپێبدەن. ئەمە جۆرێکە لە چالاکی نێو- پەرلەمانی کە ناوەندێکی جیهانی هەیە نوێنەرایەتی دەکات بە ناوی Inter-Parliamentary Union.
یەکێکی تر لە گرنگیەکانی بەشداری چالاکانەی پەرلەمانە لە کاری دیپلۆماسیدا بریتیە لە بونی دایەلۆگ و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی زیاتر لە لایەنێک پێش بڕیاردان. بۆ ئەم مەبەستە نمونەی پورتوگال دەهێنرێتەوە.

پاش رزگاربوونی لە دیکاتۆرییەت، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو، پورتوگال ئەو رۆژگارە کە رۆژگاری جوت جەمسەری جەنگی سارد بوو، کەوتە بەردەم دوڕیانێک ئایا لایەنی رۆژهەڵات هەڵبژێرێت یان رۆژئاوا. لایەنگرانی هەردوو لا بەهێزبوون، لە

ئەنجامدا پاش دایەلۆگ و لەیەك گەیشتن و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی وڵات، پورتوگال سوشیال دیموکراتی هەڵبژارد، کە نە رێگایەکی سۆڤیەتی بو، نە ئەمریکایی بەڵکو رێگایەکی ئەوروپایی بو. بەم شێوەیە وڵات لە دەستی زلهێزەکان دوور خرایەوە کە تەنها مەبەستیان بەرژەوەندی خۆیانە.[6]

ئەم نمونەیە پێمان دەڵێت کە بەرژەوەندی وڵات کاتێک دەتوانرێت لە بەرچاو بگیرێت کە سەرجەم هێزەکانی وڵات تیایدا بەشداربن و بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن. ئەمە قەیرانێکی قوڵی ترسناکە لە دیپلۆماسیی کوردیدا کە حیزبی کوردی بەدەر لە چوارچێوەی یاسایی و حکومی پەیوەندی خۆی پێکدەهێنێت زۆرجار تەنها بۆ ئامانجی خۆی، هەروەها بە هۆی تایبەتمەندی جیوپۆلەتیکی ناوچەکەوە هەندێک جار دژ بە هێزی تری کوردی. هێشتا حیزبی کوردی حیزبێکی تری کوردی بە مەترسیەکی وجودی existential threat دادەنێت بۆ سەر خۆی. ئەمە وەهایکردوە کە دایەلۆگ و لەیەکگەیشتن و بڕیاری نیشتمانی ون بێت لە ناو کایەی سیاسی حیزبی کوردیدا. ئەم ڕاڕاییە ئاسایشیە، ئەم ترسە لە فەنابوون لە رێگای دیپلۆماسی پەرلەمانیەوە کۆتایی پێدەهێنرێت.

لایەنێکی تری چالاکبونی پەرلەمان لە روی دیپلۆماسییەوە، هاوسەنگیکردنە لە نێوان بەها و بەرژەوەندیدا. دیارە حکومەت کەمتر بایەخ بە بەها یۆتوپی و باڵاکان دەدات، زیاتر سەرقاڵی ئەو کارانەیە کە لە توانایدایە. بەڵام پەرلەمان بە سروشتی زیاتر مەیلە و بەها ویۆتوپیایە. ئەمە زیاتر لە میانەی چالاککردنی پەرلەمانی وڵاتانی تر کاریگەری هەیە. ئەم ڕەهەندە زۆر گرنگە بۆ کورد چونکە دۆخی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بە خەیاڵێکی نوێیە دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە ئاشکرایە کە کێشەی کورد لە قاڵبە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەر نابێت.

---

**6. بۆ زیاتر زانیاری بنواڕە دانیال فیوت Daniel Fiott.**

## سودەکانی دیپلۆماسی پەرلەمانی

**١.** بە دەزگاییکردنی کاری دیپلۆماسیی: دیپلۆماسیی لە ڕێگای دەزگاوە تاکە ڕێگایە هەتا کورد لە گرێکوێرەی دیپلۆماسیی شەخسی ڕزگار بکات. دیپلۆماسیی شەخسی بریتیە لە چالاکبوونی کەسێک لە بواری دیپلۆماسیدا، لە ڕێگای کێشەی کوردەوە، بەڵام زۆرجار کێشەی کورد دەچێتە خزمەتی دروستکردنی ئەو شەخسە نەک بە پێچەوانەوە. هەمیشە پشت بەستن بە دیپلۆماسیی شەخسی بواری دیپلۆماسیی بەرتەسک دەکاتەوە پاش نەمانی ئەو شەخسە بۆشایی و لاوازی دروست دەبێت کە دەبێت جارێکی تر چاوەڕوانی بکرێت هەتا شەخسێکی تر دروست بێتەوە. دەزگا دەتوانێت لە ڕێگای پرۆسەوە، سود لە توانای کەسەکان ببینێت بەبێ ئەوەی ببێتە دەسکەلای کەسەکان.

**٢.** بە نیشتمانیکردنی دیپلۆماسیی: لە بەر هۆکاری مێژووی و لاوازی نەتەوەیی بوونی کورد و دروستنەبوونی بیری نیشتمانی بە مانا قوڵەکەی، مەبەستمان لێرەدا پاتریوتیکە. زۆرجار دیپلۆماسی کوردی دیپلۆماسی پێش- مۆدرینە. دیپلۆماسیی پێشمۆدرێن نوێنەری وڵاتەکەی نەدەکرد لە دەرەوە بەڵکو نوێنەری ئەمیر و پادشاکانی دەکرد[7]. کاری نوێنەرایەتیکردنی میر یان پادشا، لە سەردەمی کۆندا و نوێنەرایەتی سەرۆکی حیزب لە دونیای کوردیدا لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەن. لە هەردوکیاندا خەڵک و خاکی کوردستان بێ نوێنەرە، بونیان تەنها لە قاڵبی خزمەتی بەرپرسی باڵادایە. ئەم قەیرانە سەرجەم نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەوان دەبێت لە ژێر چاودێری پەرلەماندا بن هەتا ببنە نوێنەری نیشتمان و خەڵک.

**٣.** دیپلۆماسیی پەرلەمانی، دیپلۆماسیی نوێ: دیپلۆماسیی بە خێرایی شێوازی دەگۆڕێت، بوارەکانی فراوان دەبێت، ئەکتەرەکانی فرەچەشن دەبن. چالاکبون و گەشەپێدانی دیپلۆماسیی پەرلەمانی هەنگاوێکە بۆ پێڕاگەیشتن بەم بەرەوپێشچونە خێرایانەی دونیای دیپلۆماسیی. لە ڕێگای دیپلۆماسیی پەرلەمانیەوە دەتوانرێت سود نەرمبوونەوەی دەسەڵات ببینرێت.

7. بۆ زیاتر زانیاری بنوارە کارەکانی François de Callières بە تایبەت کاری De la Maniere de Negocier avec les Souverains کە هەندێک بە باشترین کاری ڕێبەری دیپلۆماسی لە قەڵەم ئەدەن.

**٤.** پەرلەمان لە هەرکوێی دونیا ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمەڵێک بواردا کاردەکات کە چیدی بواری ناوخۆیی نین. بوارەکانی وەك مافەکان، ژینگە، ئاسایش، وزە، بازرگانی، تەندروستی، خوێندن، هەتابێت زیاتر و زیاتر جیهانی دەبن و گەشە و قەیرانیان لە جێگایەک ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەشە و قەیرانیان لە جێگایەکی تر.

**٥.** گەشەپێدانی کەلتوری دیپلۆماسیی. دیپلۆماسیی پەرلەمانی زیاتر شەفافترە لە دیپلۆماسیی وەزارتی دەرەوە. وەك دەزانرێت کە دیپلۆماسیەت هەمیشە برێکی زۆری لە نهێنیدا بەڕێوەدەچێت. بەڵام دیپلۆماسیی پەرلەمانی ناتوانرێت هێندە بە نهێنیێ ئەنجام بدرێت. شەفاف بوون یارمەتی دەوڵەمەندبوون و کردنەوەی ئەدات بۆ ڕەخنە. لە هەمانکاتدا زەمینە دەسازێنێ بۆ ئەوەی زانیاری بگات و کاری تیوری لە سەر ئەنجام بدرێت. ئەمە بە تایبەت بۆ کورد گرنگە چونکە پێویستی بە بونیادنانی پیاوی دەوڵەت و دیپلۆماتکارە کە بتوانن لە دونیادا لە ئاستی باڵا، بە شێوازی گونجاو داکۆکی لێبکەن.

یەکێک لەو ئارگومێنتانەی کە لە ناو لێکۆڵەرەوانی دۆخی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستاندا باوە، ئارگومێنتی ئەوەی کە نەبوونی دانپیانان یان ناسینەوە recognition لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بۆ هەرێمی کوردستان، دەبێت هەرێمی کوردستان پاڵ بنێت بەرەو ئاقارێک کە لە هەوڵی ئەوەدابێت چۆن ناسینەوە بە دەست بهێنێت. ئەم هەوڵانەش وەها دەکەن کە هەرێمی کوردستان بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە لە دونیادا مایەی ناسینەوە و ڕێزلێگرتن بێت. هەرچەندە لە رووی لۆجیک و ڕاشناڵەوە دەبوو دۆخەکە وەها بوایە، بەڵام ئەفسوس لە واقیعدا وەها نیە. گەرچی هەرێمی کوردستان بوەتە جێگای سەرنجی زۆرێک لە خەڵك، بەڵام دۆخی سیاسی و ئابوری و وزەی وەهایکردوە کە ئەم سەرنجانە بپوکێنەوە، یان هێندە جێگای قەناعەت پێکردن نەبن.

## پارادیپلۆماسی و پارلۆماسی

پارادیپلۆماسیی بە مانای دیپلۆماسیی خوار دیپلۆماسیی فەرمی دێت. ئەم دیاردەیە هاوتەریبە لەگەڵ لامەرکەزیی بوونی زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا بە شێوازی جیاواز. ئەم کۆتایی ناوەندگەراییە هۆکاری زۆری لە پشتە، وەک قەیرانی دەوڵەت نەتەوە، جیهانگیری، هەوڵ بۆ سودمەندبوون لە ئابوری جیهانی، شوناس. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا دەبینین کە شارەکان هەروەها بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ببنە کاراکتەر یان ئەکتەرێکی دیپلۆماسیی. (دیارە ئارگومێنتێک لێرەدا هەیە کە لە ڕاستیدا شار وەك یەکەیەکی سەربەخۆ، پێش سیستەمی دەوڵەت، یان پێش وێستفیلیا، وەك یەکەیەکی

خاوەن سیاسەتی دەرەوە مامەڵەی کردوە. زۆرێک ڕەچەڵەکی ئەمە دەگێڕنەوە بۆ - دەوڵەتە شارەکانی یۆنان و پەیوەندی نێوانیان، هەتا شارەکانی سەردەمی ڕێنێسانس.[8]

پارادیپلۆماسیی هەرێم هێشتا لاوازە، چ لە ڕوی ئامادەبوونی لە دونیا، چ لە ڕوی خیتاب و ئاستی نوێنەرایەتیکردنی، جگە لە نوێنەرایەتی حیزب و لایەنی تایبەت، کۆمەڵێک زۆر لە کێشەی هەیە. بۆ نمونە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم هێشتا نەیانتوانیوە ڕەوەندی کوردی کۆبکەنە و بیکەنە هێزێکی کارا. لەم بارەوە بێگومان پەرلەمان توانای باشتری دەبێت. لە لایەکی ترەوە ئایا حکومەتی هەرێم پارادیپلۆماسیی هەیە یان پرۆتۆدیپلۆماسیی. پرۆتۆدیپلۆماسیی ئەو جۆرە دیپلۆماسیەیە کە لە هەوڵ و کۆششی جیابونەوەدایە لە وڵاتەکەی. بە بوونی خیتابی دەوڵەتی کوردی پارادیپلۆماسیی کوردی زیاتر دەبێتە پرۆتۆدیپلۆماسیی. پارادیپلۆماسیی لەوەدا باشترە لە پرۆتۆدیپلۆماسیی کە قەیرانی شەرعیەتی نیە. لەم ڕووەوە دیپلۆماسیی پەرلەمانی بە چالاکبوونی بە هەماهەنگی لەگەڵ پارادیپلۆماسیی ئەوا ڕەهەندی شەری پارادیپلۆماسیی پتەوتر دەکات. لە هەمانکاتدا ئەگەر لە پارادیپلۆماسیی لاوازییەک هەیە، بەوەی هێشتا لە خوار دیپلۆمایسی فەرمیەوە ئەوا بە چالاکبوونی زیاتر دەزگاکانی تری ناو حکومەتی پارادیپلۆماسیی پێگەی پارا بەهێزتر دەبێت.

لای André Lecours، لە ئینستیتوی هۆڵەندی بۆ پەیوەندیەکانی دەرەوە: پارادیپلۆماسیی لە جیهاندا بە سێ ئاست ئیش دەکات، ئاستی ئابوری بە گشتی ولایەتەکانی ئەمریکا وەك نموونە، ئاستی کەلتوری و خوێندن و زانست و تەکنەلۆجی کە بە گشتی ئاستێکی فرە ڕەهەندە، نموونەی وەک حکومەتە لاندەرەکانی Länder ئەڵمانیا بە تایبەت Württemberg Baden. ئاستی سێیەم بریتیە لە ئاستی سیاسی نموونەی ئەمەش Quebec, Flanders, Catalonia and the Basque

دیارە روونە کە پارادیپلۆماسیی هەرێم دەبێت لە سەرجەم ئەم ئاستانەدابێت. چونکە پەیوەندی دیپلۆماسیی هەرێم تەنها بۆ ئەوەنیە کە بوارێکی هەرێم بەهێز بکات. هەرێم قەیرانی ئاسایشی هەیە، قەیرانی ئامادەبوون لە دونیادا، قەیرانی سیستەمی ئابوری و پەیوەندی بازرگانی. بۆیە ئەرکی دیپلۆماسیی لە هەرێم تەنها بۆ بوارێک

8. بۆ زیاتر زانیاری بنوارە: لێکۆڵینەوەی فراوانبوونی ڕۆڵی شار لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا لە لایەن دیرچلویام و میلیسۆن، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتوی هۆڵەندی بۆ پەیوەندیەکانی دەرەوە..)

نیە بەڵکو سەرتاپا پرۆسەی دەوڵەتداریە. لەم روەوە هەتا کەناڵی بەشداری و نوێنەرایەتی زیاتر بێت بە سودی دۆزی سیاسی خەڵکی کوردستانە.

## دەسەڵاتی نەرم

دەسەڵات لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بریتی نیە لە هێز، یان توانای ناچارکردن، یان زاڵبوون. ئێمە لە پۆست- ستکراکچراڵستەکانەوە فێربووین، بە تایبەت میشێل فۆکۆ، کە دەسەڵات بریتیە لە وەها پێکردنی ئەویتر کە کارێک بکات بە قازانجی تۆ بەبێ هیچ هەستێکی نارەزایی یان بەرگری لە ئەودا. لێرەوە مەعریفە رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە فەراهەم بوونی دەسەڵاتدا، بەڵام گرنگتر ئەویترە. مرۆڤێکی تەنها خاوەن دەسەڵات نیە، دەسەڵات کاتێک دێتە ئاراوە کە لە پەیوەندیدای لەگەڵ ئەویتردا. لێرەوە دەتوانین بنەمایەک بۆ دەسەڵاتی نەرم دابڕێژین.

لای جۆزیف نای دەسەڵاتی نەرم پشت دەبەستێت بە کەلتور، ئایدیالە سیاسیەکان لەگەڵ پۆڵەسیدا. لە هەمانکاتدا بۆ هێزێکی وەك کورد دەکرێت وێنا و شوهرەت زیادبکرێت. مەبەستمان لە شوهرەت ئەوەیە ئایا لە دونیادا کورد وەك چی ناسراوە، یان هەرێمی کوردستان چۆن ناسراوە. لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی نەرم پشت دەبەستێت بەوەی کە چیت هەیە کە لە دونیادا مایەی سەرنج بێت لە لایەن ئەوانیترەوە. لێرەوە هەڵسوکەوتی حکومەتێک لە ناوخۆدا، لەگەڵ هاوڵاتیانیدا، چۆنێتی دابینکردنی ژیان و ژیار، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکاندا هەموو دەچنە خانەی دەسەڵاتی نەرمەوە. ئەمانە دەتوانین بڵێین کە توخمەکانی چیرۆکێکن کە ئەمڕۆ لە دونیادا بڕێکی زۆری سیاسەتی دەرەوە بریتیە لەوەی کە چیرۆکی کێ براوەیە. لەم رۆژگارەی ئێستای ئێمەدا پێشمەرگە پاڵەوانی چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە. ئەمە بنەمای دەسەڵاتی نەرمە. بەڵام قەیرانی دارایی و ئاستی باڵای گەندەڵیمان چیرۆکێکی ناشیرینە. دەبێت لەوە ئاگاداربین ئەوە تەنها ئێمە خۆمان نین کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکانی خۆمانین، میدیای بیستراو و بینراو لە دونیادا کاری بەردەوامی بریتی لە هۆنینەوەی ئەم چیرۆکە و بڵاوکردنەوەی.

## دەرئەنجامەکان

**یەکەم:** ئەگەر سادەترین پێناسەی دیپلۆماسیی بریتیە لە مامەڵەی ئاشتیانەی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتردا بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیەکانیان؛ ئەوا لە مێژوویدا کورد نە دەوڵەتی هەبوە و نە لە دۆخێکی ئاشتیانەدا بوە. بە بەکاربردنی تێبینیەکەی هادلی بول لە کتێبی Anarchic Society کە دەڵێت دەبێت دەوڵەتان وەك پێشینەیەک سەرەتا لە سەر هاوبەشیەکان رێکبکەون پاشان هەوڵی ئەوەبدەن چۆن زۆرترین دەستکەوتیان دەست بکەوێت. بەم پێیە کاتێک کورد وەك لایەنێکی دەوڵەتی بوونی نەبوە، ئەوا لە هەمانکاتدا وەك لایەک بونی نەبوە کە لە سەر بەرژەوەندیە هاوبەشیەکان رێکبکەوێت و پاشان بۆ پەرەپێدانی گفتوگۆ و دانوستانیان لە سەر بکات.

**دووەم:** کاتێک کورد بە ئاشکرا و بە فەرمی لە نێو سیستەمی نێودەوڵەتیدا ئامادەیی نەبوە، ئەوا ئەکتەرە کوردەکان پەنایان بۆ جۆرێکی تر لە پەیوەندی بردوە کە پەیوەندی نافەرمی و نهێنی و ناسراوی شەخسی بوە. ئەمە ئەگەر لە رۆژانێکدا ناچاری بوە ئەوا ئەمڕۆ کۆمەڵێک دەرئەنجامی خراپی لێکەوتوەتەوە کە بریتین لە دروستنەبوونی پەیوەندی سیستەماتیک، بەکاربردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆ ئامانجی تاکەکەسی نەك ئامانجی نیشتمانی یان نەتەوەیی، بە تەسک ڕوانین لە دونیا لە پێناو کۆمەڵێک ئامانجی شەخسی یان حیزبی. ئەمە هۆکاری نەبوونی دیپلۆماسیی دەوڵەتی و نەبوونی پیاوی دەوڵەتە لە ناو سیاسەتی کورددا.

**سێیەم:** لە سەدەی بیست و یەکدا، لە دونیای جیهانگەریدا، سیستەمی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بە سەردا هاتوە، ڕۆڵی دەوڵەت گۆڕاوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەیراندایە، کورد چیدی گەلێکی نادیار نیە، بۆیە دەبێت دیپلۆماسیی کوردی سود لەم دۆخە وەربگرێت و بە شێوازێکی مۆدرێن دیپلۆماسیی بکات نەك بە شێوازی دەرەبەگایەتی سەدەناوەندیەکان.

**چوارەم:** لە دۆخی دونیای ئەمڕۆدا دیپلۆماسیی تەنها کاری دیپلۆماتکاران نیە، بەڵکو دونیای ئەمڕۆ سنوری نێوان ناوەو دەرەوە وەك جاران نەماوە، دەوڵەت بریتی نیە لە یەکەیەکی سنورداری داخراو لە دونیای دەرەوە کە تەنها لە رێگای دەزگا فەرمیەکانیەوە لەگەڵ دونیادا لە پەیوەندیدابێت، بەڵکو سنوری نێوان دەرەوە ناوەوە زۆر کاڵبوەتەوە. ئەمەش وەهایکردوە کە دەزگا و ناوەندی تریش لە رووی دیپلۆماسیی پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە چالاک بن. لە ئاستی کوردستاندا دەبێت کورد درێغی نەکات

لە هەرچی بەکاردبردنی هەر تواناو دەزگایەکە بۆ تۆکمەکردنی ئامادەبوونی لە دونیادا.

**پێنجەم:** دیپلۆماسیەت یەکێک لە ئەرکەکانی ئاسایشە. ئاسایش بریتیە لە داکۆکیکردن لەو جۆرە ژیانەی کە دەخوازیت بژیت لە دونیادا. بە مانایەکی تر هەوڵدان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ ئامادەبوون وەك کوردێك لە دونیادا کە ژیانێکی کوردان بژی لەگەڵ ئەوانتردا بە ئاشتی. لێرەوە داکۆکیکردن لە ناسنامە، لە بوون، لە کەلتور، لە جۆری ژیان، لە سەربەخۆیی هەموو دەبنە ڕایەڵەی دیپلۆماسیی، کە بۆ فەراهەمکردن و داکۆکیکردنیان دەبێت دەزگا و پێکهاتەی جیاواز چالاک بێت.

**شەشەم:** دیپلۆماسی تەنها بریتی نیە لە داکۆکیکردن، بەڵکو لە هەمانکاتدا بریتیە لە برەو پێدان. ئەوە چ خەسڵەتێک یان پێکهاتەیەك یان بەرژەوەندی گەلێکە کە دەتوانرێت لە دەرەوە برەوی پێبدرێت هەتا بە قازانجی ناوەوە بشکێتەوە؟ لێرەوە بەرژەوەندی ئابوری بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە دێتە ئاراوە. دەکرێت دیپلۆماسیی وزە بۆ نمونە یەکێک بێت لەم بوارانە لەگەڵ هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بواری تر.

**بۆچی زەمینە لە بارە بۆ چالاک بوونی پەرلەمان لە رووی دیپلۆماسیەوە؟**

ڕەنگە هۆکارێکی گەورە لە پشت سازانی زەمینە بۆ کاری پەرلەمان لە ڕوی دیپلۆماسییەوە، جیهانگیری بێت. جیهانگیری زیاتر بە مانای تێپەڕاندنی سنورەکان، ئەوەی (جیل دۆلۆز و گواتاری) ناوی دەنێن دیتیرۆرایزەیشن deterritorialization

ئەوەی وەهایکردوە کە دیاردە و رووداوەکان سنور تێبپەڕێنن یان سنوردار نەبن کۆمەڵێک هۆکارە کە ڕەگی لە گەشەی مەعریفە، تەکنەلۆجیا، ئابوری و ژیارەوە هەیە. لە ئەنجامی ئەمەدا زۆر شت دەبنە گەردوونی. جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت، مافی منداڵ، پاراستنی ژینگە، جوڵەی شمەک، کۆچ، وێنا، خەون، موزیک و زۆر شتی تریش. لە هەمانکاتدا چەندین دیاردەی تریش دەبنە گەردوونی کە زیاتر نێگەتیفن: وەک تیرۆریزم، دەرمانی موخەدەرات، بازرگانی جەستەی مرۆڤ، پارە. هەموو ئەم دیاردانە پێویستیان بە یاسایە بۆ رێخۆشکردن و هەروەها بۆ رێگرییان. لێرەوە پەرلەمان چیدی ناتوانێت پەرلەمانێکی لۆکاڵی بێت. دەبێت هەرچەندە لۆکاڵ بێت لە سەر رێتمەکانی سەردەم یاساکانی دابڕێژێت. لە رووی دیپلۆماسییەوە بە ئاگایی بوون لەم ڕەهەندە گرنگە.

بۆ نموونە قەدەغەکردنی سزای لە سێدارەدان لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە گرنگە. ئەنجامدانی کاری وەها دەبێتە هۆکاری نارەزایی دەربرین لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە. بەلام ریگەگرتن لە سێدارەدان نەك هەر مایەی خۆشحالی دەبێت لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە بەلکو بە قازانجی کۆمەلگای کوردیش دەگەرێتەوە. با مرۆڤ توانای لە دەستدانی گیانی مرۆڤێکی تری نەبێت، گرنگ نیە کە بەهانە چیە. ئەمە بەشێکە لە دیپلۆماسیی ئەخلاقی.

## پێشنیارەکان

**لە پێناوی کارابوونی زیاتر و باشترو ئامانجی روونی زیاتر دەبێت دیپلۆماسیی کوردستان لە کۆمەلێك بواردا هەنگاوی رادیکالانەی گەورە بنێت:**

1. دەبێت ناسنامەی کوردستان روون بێت. ئایا دەخوازێت چۆن لە دونیادا ئامادەبێت. ئەمە راستەوخۆ پەیوەستە بەو وێنایەی کە کوردستان بۆ خۆی هەیەتی. دیارە هەر پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری بە جۆرێکی جیاواز وێنای کوردستان دەکات، ئەوەی دەبێت هەنوکەییانە هەنگاوی بۆ بنرێت ئەوەیە کە دەبێت لە ریگای پەرلەمانەوە هەماهەنگی دروستبکرێت بۆ هێنانە دی وێنایەکی روون بۆ دروستکردنی دیدگایەکی روونتر. لێرەدا زیاتر مەبەستمان ڤیژنە vision. ئەوە چیە ئێمە دەمانەوێت؟ ئەو بەهایانە چین ئێمە مساومەیان لە سەر ناکەین؟ پێمانخۆشە و پێمانباشە کە دونیا چۆن وێنامان بکات؟ ئەمە راستەوخۆ پەیوەستە بە مەسەلەی ناسنامەوە. ئایا ناسنامەی کوردستان چیە؟ کۆمەلگایەکی پلورالە، لە ناو دونیایەکەدا کە توندرەویی و پاکگەرایی پیوریتانیک-ی puritanical دینی هیلاکی کردوە.
2. ئایا ئێمە چۆن دەمانەوێت لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ئامادەبین. بە مانایەکی تر ئەو چ رۆژهەلاتێکی ناوەراستە کە جێگای ئێمەی تیادا دەبێتەوە، وەك ئەوەی کە خۆمان دەخوازین یان هیوامان وایە. ئەمە قەیرانێکی گەورەیە بەرۆکی ئێمەی گرتوە. ئایا ئەوەی ئێمە دەیخوازین چۆن کاریگەری دەبێت لە سەر ناوچەکە، چۆن لە ناوچەکەدا جێگای دەبێتەوە؟ بۆیە دەبێت خیتابێکی روونمان هەبێت دەربارەی رۆژهەلاتی ناوەراست و گرێکوێرەکانی. لە رۆژهەلاتی

ناوەڕاست ئەمڕۆ قەیرانی دەوڵەت هەیە، قەیرانی دینی تایفی هەیە، قەیرانی شکستی مۆدێرنە هەیە، قەیرانی نەبوونی توانای پێکهاتەکانە بە پێکەوە ژیان. ئایا بۆ ئاسایشی ئێمە چ جۆرە رۆژهەلاتێکی ناوەڕاست باشە. دەبێت ئەوەی داوای دەکەین لە خۆماندا بوونی هەبێت. کاتێک دەڵێن رۆژهەلاتی ناوەراست دەبێت دیموکراسی بێت، دەبێت خۆمان دیموکراسی بین، کاتێک دەڵێین دەبێت لێکبوردەیی و سنگفراوانی و مۆدرێن بوون هەبێت ئەوا دەبێت خۆشمان هیچ نەبێت رێبواری ئەو رێگایە بین.

3. هەموو ولاتێک سێ رێگای هەیە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەوانیتردا، لە کاتی تەنگەگژەدا کە بریتین لە: ترساندن، قبولکردن یان ڕازیکردن. ئێمە دەبێت هەریەك لەم میتۆدانە زۆر بە سەلیقەیی و لێهاتوی و لێزانانەوە بەکاربەرین. هەریەك لەم میتۆدانە فۆرمی زۆرە. دیارە بە هەمانشێوە ئەوانیتر هەوڵدەدەن کە ئەم میتۆدانە بە شێوە زۆرەکانی لەگەڵ ئێمەدا بەکاربەرن. ئێمە دەبێت ئامادەبین بۆ هەریەك لەم میتۆدانە. پەرلەمان دەتوانێت ناوەندی دروستکردنی هێزبێت، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی جیاوازەکان و پشتیوانی جەماوەر هەتا رێگربێت لە لایەنە نەرێکانی ئەم میتۆدانە. هەتا کوردستان وەک یەك یەکە دەربکەوێت هێز و توانای زیاتر دەبێت.

### پۆڵەسی

یەکەم: کردنی پەرلەمان بە ناوەندێکی دیپلۆماسی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دیپلۆماسیی نیشتمانی و دەزگایی کوردستانی.

دووەم: فراوانکردنی بواری پێکەوەگرێدانی کوردستان بە دونیاوە بۆ زاڵبوون بە سەر رێگرە مرۆیی و سروشتیەکان لە بەردەم بە گەشتن بە دونیا.

سێیەم: کردنەوەی دیپلۆماسیی بە ڕوی خەڵکدا و کردنی خەڵک بە ئەکتەری دیپلۆماسی.

چوارەم: سودبینین لە هەموو پێکهاتە ژیارییەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی دیپلۆماسی.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ پێڕاگەیشتن بە دونیای سەردەمدا و سود وەرگرتن لە گۆڕانکارییە ڕادیکاڵەکانی بواری جیهانگری و دەوڵەتداری و تەکنەلۆجیا.

شەشەم: پەرەدان بە کەلتوری دیپلۆماسیی بۆ دروستکردنی دیپلۆماتی بە تواناو پیاوی دەوڵەت.

حەوتەم: چالاکبونی پەرلەمان، کوردستان جیادەکاتەوە لە جێگاکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك جێگایەکی جودا لە رووی سیستەم و مۆدێلی حکومڕانی. ئەم جودابونەوەیە ڕێگایەکی گرنگە بۆ دەرکەوت و هاتنە دەرەوە لە جەبری دەرنەکەوتن لە جیوپۆلەتیکی ناوچەکە.

## ببیلۆگرافیا


Cohn Raymond (1999) Putting Diplomatic Studies on the Map Diplomatic Studies Programme Newsletter For diplomacy: Representation and the study of international relations International Studies Review 1.1

Tilly, Charles, (1985) "War Making and State Making as Organized Crime" in Peter Evans, Dietrich Rueschemeyer, and Theda Skocpol, Bringing the State Back In (Cambridge University Press), pp. 169-191.

Sending OJ, Pouliot V and Neumann IB (2011) The future of diplomacy: Changing practices, evolving relationships. *International Journal* 66(3

Pouliot Vincent and Cornut Jérémie (2015 Practice theory and the study of diplomacy: A research agenda Cooperation and Conflict, Vol. 50(3)

Wiseman G (2004) 'Polylateralism' and new modes of global dialogue. In: Jonsson C and Langhorne R (eds) *Diplomacy: Problems and Issues in Contemporary Diplomacy*. Thousand Oaks, CA: Sage

*André Géraud ("Pertinax") (1945)* Diplomacy, Old and New, Foreign Affair, Januray

Gilles Deleuze and Felix Guattari2002. A Thousand Plateaus [ TP ]. London, The Athlone Press Ltd

Gotz, N. 2005 On the Origins of 'Parliamentary Diplomacy' Scandinavian 'Bloc Politics' and Delegation Policy in the League of Nations Cooperation and Conflict: Journal of the Nordic International Studies Association Vol. 40

Daniel Fiott 2011On the Value of Parliamentary Diplomacy Madariaga Paper – Vol. 4, No. 7 (Apr.,)

Kinninmont Jane (2012) Kuwait's Parliament: An Experiment in Semi-democracy Middle East and North Africa Programme, August, MENAP BP

https://www.chathamhouse.org/sites/files/chathamhouse/public/Research/Middle%20East/0812bp_kinninmont.pdf

Lecours André (2008) Political Issues of Paradiplomacy: Lessons from the Developed World Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael', http://www.kamudiplomasisi.org/pdf/kitaplar/paradiplomacylessonsfromthe.pdf

Rogier van der Pluijm with Jan Melissen (2007) City Diplomacy: The Expanding Role of Cities in International Politics.

http://www.uclg.org/sites/default/files/20070400_cdsp_paper_pluijm.pdf